
## پێزانینی تایبەتی ئێران بە تۆڕی میدیایی عێراقی بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوە هەستیارەکان



دەزگای ئێزگە و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە سوپاسی تۆڕی میدیایی عێراقی و کەریم حەمادی سەرۆکی تۆڕەکە کرد بۆ ڕووماڵکردنی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران.

لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتڵەع کەوتووە، بەڕێوەبەری دەزگای رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران لە عێراق، دەڵێت: سوپاس و پێزانینی دڵسۆزانە ئاراستەی کەریم حەمادی سەرۆکی تۆڕەکە و سەرجەم کادیرانی تۆڕی میدیایی عێراقی دەکات بۆ هەوڵە بەڕێزەکانی میدیایی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ڕووماڵکردنی دەستدرێژییە دڕندەکانی زایۆنی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران.

رونیشیکردەوە: ڕووماڵە بەردەوام و کاریگەرەکانتان بە تایبەت لە ڕێگەی کەناڵە هەواڵییەکان و پەیامنێری تۆڕەکە لە تارانەوە و بەرنامە ڕاستەوخۆکانی دەزگاکەتان، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ئاشکراکردنی تاوانەکانی داگیرکاریی زایۆنی هەبووە و لەم قۆناغە هەستیارەدا پشتیوانییەکی گەورە بوون بۆ ئێمە.

وتیشی: داواکارین لە خودای گەورە سەرکەوتنی بەردەوامتان پێ ببەخشێت، هەروەها بۆ ئەوەی تۆڕی میدیایی عێراق بەردەوام بێت لە درەوشاوەیی و پێشکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکی میدیایی نیشتمانی خۆیدا.

تاریخ: -
شماره: -
پیوست: -